# کەبابخانەی کۆیە و مێژووی دامەزراندنی

هۆشیار محەمەد ئەمین کۆیی

مێژووی دامەزراندنی ئەو کەبابخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لە لایەن وەستا (ساڵح رەسوڵ)ی باپیرم کە بەیەکەم کەبابخانەی شاری کۆیە دەژمێردرێ، ئەو سەردەمەو دواتریش کارەبا نەبوو، دروستکردنی کەباب زۆر سادەو ساکار بوو، بۆ برژاندنی کەباب باوەشێن بەکاردەهات، بۆ وردکردنی گۆشت و دروستکردنی قیمە (قەمە) بەکاردەهات کە تیغێکی تیژی گەورەبوو دوو دەسکی هەبوو، کەسێکی بە هێز بەکاریدەهێنا، قاپ و دەفری ماستاو لە جۆری (چینی) بوو کە لە قوڕی سوورکراو دروستدەکرا و بۆیەیان دەکرد، مەلاکی ماستاو لە دارخۆخ دروستدەکرا، بۆ فێنک کردنەوەی ناو کەبابخانەکە، باوەشینێکی لاکێشەیی گەورە لە قوماشێکی ئەستوور و تەختە دروستدەکرا و لە بنمیچی دوکانەکە بە شێوەیەک چەسپ دەکرا کە بە پەتێک شاگردێک لە دەرەوەی دوکان رایدەکێشا و دەگەڕایەوە شوێنی خۆی، بەمە بایەکی فێنکی لێ پەیدادەبوو، تا ساڵی سیەکان ئەو کەبابخانەیە مێگەلە حەیوانی خۆی هەبوو کە رۆژانە چەند سەرێکیان بە گوێرەی پێویست سەردەبڕی.

لە بیرمە هاوینان چەند بارێک ترێی رەشی خۆشناوەتیان دەکڕی و لەماڵەوە دەیانکردە سرکە و زستانان بۆ دروستکردنی شێلم بە ترشی بەکاریاندەهێناو بە گوێرەی پێویست رۆژانە بۆ دوکانیان دەبرد، بۆ ئەم مەبەستە ١٢ گۆسکەی گەورە لە شوێنێکی تایبەت لە ماڵەوە داندرابوو، سەردەمێک یەک نەفەر کەباب بەیەک (ئانە) بووە کە دەکاتە ٤ فلوس، لەو کەبابخانەیە جگە لە باوکم زۆرکەسی دیکەش کاریان لێکردیە و دواتر بووینە کەبابچی باش، لەو بەڕێزانە: وەستا سمایل دێوە، وەستا رەسول، وەستا قادر و وەستا محەمەد خاوەن کەباب بەهار لە هەولێر، لە چلەکان **وەستا محەمەدئەمین** کە خەلفەی باوکی بوو کەبابخانەکە بەڕێوەدەبا، ئەو مرۆڤێکی دەنگ خۆش و نوکتەچی و ئەدەب دۆست بوو، زۆرجار لە کاتی کەباب



برژاندن گۆرانی و مەقام و شیعری دەگوت، لەبەرئەوە و لەبەر باشی کەبابەکەی زۆر لە کەسایەتی شاعیر و ئەدیبی ئەو شارە هاموشۆیان دەکرد کە (دلداری) شاعیر یەکێک بوو لەو بەڕێزانە، زۆر جار ئێواران ئەو کەبابخانەیە وەک بنکەیەکی رۆشنبیری و ئەدەبی لێدەهات.

زۆریش لەو کەسایەتییە بەڕێزانە جگە لە کەباب، گۆشت و قیمەشیان بۆ ماڵەوە دەبردەوە، لە دەفتەرێکی کۆنی کەبابخانەی ساڵی ١٩٦٠ کە تا ئێستا لامان ماوە ناوی ئەو بەڕێزانە بەرچاو دەکەوی: مام جەلال - کاکە زیاد ئاغا- مەحموود ئاغا عەبدولحەمید شێخ نورەدین - فایق جەمیل - عیزەدین قەرە - فاتح ئاغا و زۆری دیکە.. هەر لەو دەفتەرە نرخ بۆ ساڵی ١٩٦٠ بەم شێوەیە بوو:

یەک نەفەر کەباب یان گۆشت (٣) شیشی گەورە بوو بە ماستاو و شتی دیکە ٦٠ فلس

بۆ قوتابیانی دەرەوەی شار ٥٠ فلس

یەک کیلۆ گۆشتی بە ئێسقان ٢٠٠ فلس

یەک کیلۆ گۆشتی کەزمەیان قیمە ٣٠٠ فلس

لە ساڵی ١٩٥٧ لقێکی دیکە لەو کەبابخانەیە بە ناوی (کەبابخانەی کوردستان) لە شەقامی سەرەکی ناو کۆیە لە لایەن **عەبدوللا کوڕی وەستا محەمەد ئەمین** کرایەوە تا ساڵی ١٩٦٣ لە کارکردندابوو، لە رەشبگیریەکەی تاوانبار تەها شەکرچی، دوکانەکەیان داخست و



خاوەنەکەیان لە گرتووخانەی کەرکووک بەندکرد، پاش ئازادکردنی بەرەو هەولێر گەڕایەوە و لە ژێر قەڵات لە تەنیشت چایخانەی مەچکۆ بۆ یەکەمجار کەبابخانەی کۆیەی لە شاری هەولێر دامەزراند، ئەوەش لە سەرەتای پایزی ساڵی ١٩٦٣ بوو، دوو ساڵ لەو شوێنە مایەوە و دواتر چەند دوکانێکی شارەوانی لە پشت گەراجی کورانی ئەو کات (باڵەخانەی حاجی یەحیای ئێستا) بەکرێ گرت و ناوبانگی لە هەولێر و شارەکانی دیکە بڵاوبۆوە. ئەویش وەک نەریتی باوکی زۆر لە هونەرمەند و ئەدیب و کەسایەتی ئەو شارە هاموشۆیان دەکرد

لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو چەند لقێکی دیکە وەک کەبابخانەی سەربەخۆ لەم کەبابخانەیە جیابوونەوە:

١- (کباب کویسنجق) لە شاری موسڵ شەقامی دەواسە لەلایەن (تەها وقادر) کە لەلای وەستا عەبدوللا کاریان دەکرد، کرایەوە.

٢- لقێکی دیکە لەناو یانەی فەرمانبەرانی کۆنی هەولێر کرایەوە.

٣- لە ساڵی ١٩٧٩ لقێکی دیکەی (کەبابی کۆیە) لە شەقامی کۆنی موسڵ لە هەولێر لەلایەن وەستا خالید کوڕی وەستا محەمەدئەمین کرایەوە تا ئێستاش لە کارکردن لە لایەن کوڕەکەی (وەستا سۆران) بەردەوامە.

وەستا عەبدوللا کۆیی لە ساڵی ١٩٩٦ کۆچی دوایی دەکا و کەبابخانەکە لەلایەن کوڕەکەی (شێروان) تا ساڵی (٢٠٠٦) بەڕێوەدەچوو، دواتر کەبابخانەکە نەما و بۆ فرۆشتنی جل و بەرگ تەرخانکرا.

لێرە بە پێویستی دەزانم کە ئاماژە بە چەند کارێکی کوردپەروەرانەی وەستا عەبدوللاکۆیی بدەم کە زۆر لە هاوڕێیانی و دۆستانی لەوە ئاگادارن:

١- مانگانە یارمەتی زۆر بنەماڵەی پێشمەرگە و شەهیدانی شۆڕشی کوردی دەدا، بۆ ئەم مەبەستە لیستێکی لەو ناوانە لە دوکان هەبوو.

٢- زۆرجار دەچووە گرتووخانەی ئەبو غرێب بۆ یارمەتی دارایی زیندانە سیاسییەکان.

٣- بە هۆی ژیری و لێهاتوویی توانی چەند ئەفسەرێکی ئەمنی لە هەولێر بە بەخشندەیی و سەخاوەتی خۆی بۆ خۆی رابکێشی بۆ بەکارهێنانیان بۆ یارمەتیدانی زیندانییەکان، یەکێک لەو زیندانیانە کە ئێستا بەرپرسە لە حیزبێکی دەسەڵاتدار بۆی گێڕامەوە و گوتی: تا من لە ئەمنی هەولێر بووم رۆژانە چەند سینیە کەبابێک دەهات بە ناوی (کەباب کۆیی) ئێمە لەو کارە جوامێرییە بەسەرمان سووڕمابوو لەو کاتەی کە کەس زاتی ئەوەی نەبوو بەو ناوە گوزەر بکا. ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدا بەبێ جیاوازی ئینتیمای حیزبی بوو، تەنها مەبەستی کوردایەتی بوو.





أسماء الألوان / تصميم كوردةواري٦٢٤ / الصفحة: ٧٢ / ٣/٦/٠٨ / 2:40 AM

# سەوەشیر یان (سەلەشیر)



هۆشیار عەبدوڵڵا

(سەوەشیر) لەڕووی زمانەوانییەوە ناوێکی لێکدراوە کوردییە، لە (٢) دوو وشە پێکهاتووە، (سەوە) کە بەشێوەی هەورامییە بەمانای (سەبەت) یان (سەبەتە) دێت. وشەی دووەم (شیر)ە سەوە شیر: بریتی بوو لە سەبەتەیەکی دەو فرەوانی پان و گەورە، لە (شوڕکەبی) یان (داری قەرەقاچ) دروستدەکرا، وەستای کارامەو تایبەتی خۆی هەبوو، دروستیاندەکرد، هەموو کەس نەیدەزانی دروستی بکا. ئەوجا لە بازاڕو گوندو دێهاتەکاندا دەیانگێڕا بۆ فرۆشتن، ئال و گۆڕی بازرگانی پێوە دەکرا. جاران لە گوندەکانی دەشتی هەولێرو لە زۆربەی گوندو دێهاتەکانی کوردستاندا بۆ نخوونکردنەوەو بەسەردادانی شیرو ماست و پەنیرو گۆشت بەکاریاندەینا بۆ ئەوەی لە گیاندارو زیندەوەران وەکو پشیلەو مارومشک بپارێزرێت و شتەکان تێک نەچن و بۆگەن نەبن چونکە سەوە شیرکون کون بوو هەوای بۆ دەچوو، ئێ خۆ ئەو دەمیش کارەباو سەللاجە نەبوو، جاران ئەو ماڵانەی کە لە دێهاتەکاندا مریشکێکی زۆریان بە خودان دەکردو مریشکیان دادەناوە، کاتێ کەمریشکەکان جووجکەیان هەڵدەینا شەوانە لەترسی پشیلەی لەبن سەوە شیریان دەنا، سەوە شیری مریشک و جووجکان جودا بوو لەگەڵ سەوە شیری ماست و شیری. ئەو (سەوە شیر)ە لە ناوچەی ساڵەیی پێدەڵێن (سەلە شیر)، لە دەڤەری سورچیاتی (سەوی)یە، لە ناوچەی دزەییاتی (سەوە شیر)ە. کاتی خۆی هەورامییەکان لە بیارەو تەوێڵەی هەورامانەوە لە گوندی (هەجیج)ڕا دەهاتنە دەڤەری دزەییاتی مراک و جۆرەکانی و تەبەقی شەکرو، سەوە شیرو بنیشتی کوردییان دەیناو دەیانفرۆشت، لەوانەیە ئەو وشەیە لەوانەوە کەوتبێتە ئەو دەشتە پان و پۆڕە. لە پەنجاکان بە کاروانان سەوە شیریان لە ناوچەی خۆشناوەتیش دەینایە دەشێ هەولێرێ دەیانفرۆشت.

# ڕەوەندو کۆچەری کوێستانەکانی کوردستان

ئا: قاسم ڕەشید بەگ
وێنە: کەریم شێخانی

ژیان و گوزەرانی ڕەوەندو مەڕدارانی کوێستانەکان جۆرە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە بە گوێرەی بەرنامەی کاری ڕۆژانە کات بەسەر دەبەن، ڕەوەندو کۆچەرەکان هاوینان بارگەو بنەی خۆیان دەپێچنەوەو بەرەو کوێستان بەرێ دەکەون، لە قەندیل و حەسارۆست و کارۆخ و هەورامان پاوان و لەوەڕگای ناسک دەدۆزنەوەو بارگەو بنەی خۆیان دێخن، ڕەشماڵ هەڵدەدرێ، بێرو سەربێر ئامادە دەکرێ ڕۆژانە مێگەڵە مەڕ ئەگەر سەدبێ، دووسەد بێ یان هەزار بێ دەدرێتە بێر، بۆ مێگەلی گەورە دوو بێری دادەنیشن لە دەستە ڕاست و دەستە چەپی شوان و سەرشوان، پاش دۆشین مەنجەڵۆکەکان لەناو مەنجەڵێکی گەورەی زنجیردار بەتاڵ دەکرێ و شیرەکەش لە لایەن بێری تاوتوێ دەکرێ،

ئافرەتانی ڕەوەند چالاک و دەست ڕەنگینن، ماست و پەنیرو ژاژی پەنیر و کەرە دروستدەکەن، ڕەشماڵ لە مووی ڕەشان و گوریس و بەنقادە و تێڕو توورەگە لە خوری مەڕ دروستدەکەن، هەندێ جار لە جیاتی شوان مەڕ ڕادەدەن بۆ ناو چیا، جاری وا هەبووە شەو ئافرەت لە دەشت ماوەتەوە لەگەڵ مێگەڵ، ئافرەتیان هەیە وەک پیاو وایە، نیشانەشکێنەو خولیای ڕاووشکارە. هەر هۆزو عەشیرەت و تیرەیەک کوێستان و پاوانی خۆیان هەبوو، کوێستانی باڵەکییان هۆڕنە بوو، هی خەیلانی سپی ڕێز بوو هی شێخ مەموندییان مێرگە چەکۆ بوو هی بلبـاسان قەندیلە چکۆڵە و بازی بێریان و بەردە پان و زینوی گەزگەزی بوو،



کوێستانی مەنگوڕان ئەو هەوارانە بوون، تاتی دۆی، کەودەلان، کەولان ، چۆمێ....

کوێستانی بۆڵێ و بابۆڵیان ئەو هەوارانە بوون: کۆدۆ، کۆزان، وارە مێر، شیوە ڕەشە، وەرە گورگ. شوان لای ڕەوەند و کۆچەرەکانی کوێستانان پلەو پایەکی تایبەتیان هەبوو، چونکە هەموو کەس ڕازی نەبوو شواناتی مێگەڵی ڕەوەندان بکات، ئیشیان ماندووبوونەو مێگەڵەکانیشیان گەورەو زۆرن.

شوان بۆ ماوەی شەش مانگ دەگیرا، لەو ماوەیە کرێی مانگانەی وەرگرت و بۆ هەر مانگێک کاوڕە مێیەک یا جیسکە مێیەکی وەردەگرت لەگەڵ دەستە جلکێک بۆ هەر مانگێک کە ( کورتەک و شەرواڵ و کراس و دەرپێ و جەمەدانی) بوو، بەڵام پێڵاو و گۆریە لە دڕێن بوو، واتە لە کاتی دڕان یەکێکی دیکەیان بۆ دەکڕێ، هەروەها خواردنی شوان تایبەتی بوو وەک- قەسپ، خورما و ڕوون ، حەلواو... پاش مانەوەی سێ مانگ لە کوێستانەکان، خێل کێل دەبووەوە، ڕەوەندەکانی هەولێر دەهاتنەوە دەشتی ( دیانا ) ئیتر بەقاڵەکان و مەعمیلەکانیان لە هەولێرەوە دەهاتن (برنج و ئارد و ساوار و شەکرو خورما )یان دەهێناو گۆڕینەوە دەستی پێدەکرد، سەربەسەر یەک بەدوو، یەک بە سێ تا هەموو پەنیرو ژاژیەکەییان دەکڕییەوە.



أسماء الألوان / تصميم كوردةواري٦٢٤ / الصفحة: ٧٣ / ٣/٦/٠٨ / 2:40 AM



# نالبەندی

**رەفعەت رەجەب/ دهۆک**

نالبەندی یا سولبەندی کارەکێ پیشەی یە ل هەمی دەڤەرێن کوردستانێ، هەر د کەڤندا یا بەر بەلاڤە بوو، و هەروەسا ل گەلەک گوند و باژێرا ب تایبەت باژێرێن بازرگانی لێ د هاتە کرن- چونکی دەوار د هاتنە بکارئینان ژ بو هاتن و چونێ و ڤەگوهاستنێ و ئینان و برنا کەل و پەلا بەری هەبونا ترومبێل و رێکێن وان ل کوردستانێ و ژبەر کو سروشت و ژینگەهێ کوردستانێ چیاو نهال و بەرن و رێکێن سەخت و دژوارو ب زەحمەت لێ هەنە، جهێ نالبەندیێ- بەهرا پتر دا (خانا) ڤەبو یان ژی نێزیکێ (اصطڤلا) بو و کەسانێن ب کارێ نالبەندیێ رادبوون ژ بو نالکرنا هەر دەوارەکی بشێوەیەکێ ب رێک و پێک کو وەک کار بێتە ئەنجام دان و بێ زیان و نەخوشی (سێ)کەس پێ رادبوون- کارێ وان بڤی شێوەی بوو.

**کەسێ ئێکێ/** ئەڤی کەسی د گوتنێ (بەردەستکێ هوستای) و کارێ وی (الغاف) کرنا دەواری بوو یانکو لغا فێ ئاسنی د کرە د دەڤێ دەواری دا و ب توندێ هەفسارێ وی دگرت داکوچ زیانا نە گەهیننتە دەور و بەرێت خۆ.

کەسێ دویێ/ ئەڤی کەسی ژی د گوتنێ (بەردەستکێ هوستای) و ئەو ژی دا پێ یان دەستی دەواری گریت و بو پاشڤە بلند کەت و مەرەم ژڤێ گرتنێ هەر بو نەگەهانا زیانا یە بو دەورو بەرێت خۆ.

**کەسێ سییێ/** ئەف کەسە هوستایە یانکو (نالبەندە) (سولبەند) و ئەوە ئەوێ بکارێ نالبەندیێ رادبێت- لێ ل گەلەک جها ژی کەسانەک بتنێ یان ب هاریکاریا خودانێ دەوارێ کارێ نالبەندیێ د کر- و بهاریکاریا چەند ئامیرا دا هوستا یان (نالبەند) کارێ خۆ ئەنجام دەت و ژوانا.

**سم تراش/** ئامیرەکی ژ ئاسنی و داری دروستکری یە دو لایە لایێ ئێکێ دەستکە کو ژداری هاتییە دروستکرن و لایێ دویێ ئاسنە د بێژنێ دەڤێ سم تراشێ و وەکی دەڤێ کێرکێ یە پیچەکێ یێ تێک دا چویە خوارێ و یێ تێژە وتێتە بکار ئینان ژ بو برینا نینوکێت سمێت دەواری و پاقژکرنا بنی صمێ دەواری،

**نال-و-سول/** پارچە ئاسنەکێ پەحن کری یە- دهاتە چێکرن ژ لایێ ئاسنگەری ڤەو هەر لایەکێ وێ سێ کون لێ هەنە یانکو شەش کونن و تێنە بکار ئینان بو نالکرنا (هێسترا)و نال هەنە هەر لایەکی دوو کون لێ هەنە یانکو چار کونن و تێنە بکار ئینان بو نالکرنا (کەرا)و ب هاریکاریا بزمارا د ئێخنە پێت دەستا یان سمێت دەوارا

**و- سول/** رەنگەکی دی یێ نالایەو تێنە بکارئینان ژ بو نالکرنا پێت پاشیێ یێن دەوارا و هەر ژ ئاسنی هاتینە دروستکرن ژ لایێ ئاسنگەری ڤەو ب شێوەی نیف بازنی مەزنتر و شەش کون لێ هەنە ژ بو جهێ بزمارا.

**بزمار/** ژ پارچە ئاسنەکێ نەرم تێتە چێکرن ژ لایێ ئاسنگەرا ڤە یێ درێژەو بنێ وی یێ خرە (گرو ڤرە) و ب هاریکاریا وی نال تێتە مومکم کرن ب سمێ دەواری ڤەو گەلەک جارا گوتن ب نال و بزمارا ڤەتێنە گوتن وەکی کابرایەک د کەڤیتە د دەلیڤەکا تەنگ دا یان کار ل بەر وی ب زەحمەت ب کەڤیت دێ بێژیت (ئەزێ کەفتیمە د ناف بەرا نال و بزمارا دا) چبکەم چ چارە نینە؟

**چاکوچ/** ئامیرەکە ژ ئاسنی و داری دروست کرد یە لایێ ئاسنی یێ دو سەرەیان دو لایە- لایێ ئێکێ یێ پەحن و ستویرە کو بزمار پێ بێنە قوتان و لایێ دویێ یێ پەحن و زراڤە داکو بزمار پێ بێنە قوتان و وەربادان یان ڤەچەماندن ولایێ دی دارە (٣٥) سم یێ درێژە و حلی کری یە دبێژنێ دەستک.

**کلبتان/** ئامیرەکێ ئاسنی یە دەستکێت وی د درێژن و کارێ وی ئەوە کو ژ بو ئینانە دەرا بزمارا و برینا سەرێن بزمارێن درێژ پشتی نالکرنا دەواری.

**مڤرد- کەرتیک/** ئەوژی ئامیرەکێ ئاسنی یە یێ درێژو پەحنەو ژ هەردو لایاڤە یێ نوکلاندی یەلایەکی نوکلاندنا وی یا هویرە لایەکێ دی یێ گرەیان (زڤرە)و تێتە بکار ئینا ژ بو راستکرن و حلیکرنا سمێت دەواری د گەل نالێ و مەرەم ژ نالکرنا سمێت دەوارا ئەوە کو پێت وان بێنە پاراستن ژ هاتن و چونا چونکی بکارەکێ سەخت و دژوار رادبن دناف بەرو ئاخێ دا ب بارێن سەنگ و قورس و رێکێن دویر و درێژ، و دڤێت ژبیرنەکەین کو گەلەک کەس یان بنەمال هەنە بناڤێ نالبەند یان نالبەندیێ تێنە نیاسین ئەڤەژی د زڤریتەڤە هندێ کو باب و باپیرێن وان ب ڤی کاری رابوینە- و ل ئاکرێ و ئامێدیێ و زاخۆو دهوکی کەسان شەهرەزا هەبون ب ڤی کاری رادبون و دفلکلورێ کوردی دا گەلەک ب نالبەندی هاتی یە گوتن وەک ستران وەکێ پێ دبێژن-

نالبەندو نالا چێکە نالبەندو
سەرێ نالێ سندریکو نالبەندو
نالبەندو وا د بەرێ دا
پشت و پشت ل عەردێ دا
کەتمە د خێرا خودێ دا وهتد....

کارێ نالبنەندیێ بڤێ شێوەی د هاتە ئەنجام دان:

پشتی لغافکرنا دەواری هەر وەکی مە دیار کری و بلنکرنا پێ دەواری دا هوستا کارێ خۆ کەت-

ل دەسپێکی دێ هوستا نالێن کەڤن ژ سمێ دەواری ڤەکەت ب هاریکاریا کلبتانی و پاشی دا سمێ دەواری ب سم تراشی باش پاقژکەت و نینوکا سمی بریت و پاشی دێ نالێ دانێتە سەر سمی وبزمارکەت ب قوتانا چاکوچی و پاشی دێ ب کلبتانی سەرێ درێژ یێ بزماری بریت وب مڤرەدی حلی و راست کەت.

و ب پێشکەفتنا جهاننی و وەرارا ژیانێ و پەیدابونا رەنگ و جورە ئامیرێن کوپتر د خزمەتا مروڤی دا بن ئەف جورە کارێن پیشەی هێدی هێدی یێن بەرف نەمانێ ڤە دچن و بەرزەدبن- لێ بو پێتڤیا ژیانێ و کاری ژی هەریا مای لەوما ل گوندا تا نهوژی خودانێن دەوارا خوبخو بڤی کاری رادبن و و ئامیرە ل بەر دەستێت وانن.







أسماء الألوان / تصميم كوردةواري٦٢٤ / الصفحة: ٧٤ / ٢/٦/٠٨ / 2:40 AM

# دەرگای جاران



**شوان غەمبار**

گەلێ کەلەپوری رەسەنی کوردی تاک و توک لێرە و لەوێ ماونەتەوە، کە جۆرە جوانیەک بە دڵ و دەرون دەبەخشن و مرۆڤ بە دیمەنیان شاگەشکە دەبێت، دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمێک کە ژیان یەک پارچە خۆشی و پاکی و راستی بوو.

پاراستنی ئەم کەلتورە جوانە لە ئەستۆی هەمووانە و بۆ لێکۆڵەوار و کەلتورناسەکان جێگای خۆشحاڵیە. ئەم دەرگایە دەرگای ماڵی شێخ مستەفایە کە لای خەڵکی تایبەتمەندی رێزێکی تایبەتی هەبوو، شێخی مەزن مرۆڤێکی چاک و زانستخواز و خواپەرستێکی بێ وێنەبوو زۆر خزمەتی گەورەی بەخەڵکی کوردستان گەیاندووە کە تا ئێستاش لەسەر زاران ماوەتەوە.

# سندوقی شوشوات

**ئا/وێنە: ژیان دزەیی**

گەلێک ماڵ هەنە ئەگەر لە ناویدا بگەڕێی و بیکۆڵێتەوە دەبینین گەلێک کەلوپەلی بە نرخ و بەهایان لە ماڵەکەیان پاراستووە بۆ ئەوەی نەفەوتێن، بەڕاستی ئەوانە ماڵی خانەدان و رەسەن و کورد پەروەرن، چونکە قەدری کەلتووری خۆیان دەگرن.

ئەم سەندوقەکاتی خۆی پیاڵە و بەرداغ و قاپی تێدا داندراوە هەتاکو نەشکێن، چونکە پیاڵە و بەرداغ ناسکن زوو دەشکێن، بەتایبەتی ئەگەر لە شوێنێک بگوازرێتەوە بۆ جێگایەکی دوور.

جا منیش سەردانی ماڵی (دکتۆر قاسم مجید)م کرد بۆ هەواڵ پرسینی خانەوادەکەیان بینیمان کە لەماڵەکەیان زۆر شتی جوان و بەنرخ و کۆنی پاراستووە، وەکو چەند پەرتووکی باش و چەندوێنەی دێرینی هەولێر و سندوقی داری کۆن، جا ئەم سندوقەی لەم وێنەیەدا دەیبینن لە ساڵی ١٩٢٥ دروستکراوە و هی ماڵی باوکە گەورەی خۆیتی پاراستوویەتی.



# وشککردنەوەو دروستکردنی خواردنی زستانە



**نادر روستی**

لادێکانی کوردستان بەتایبەت ناوچە شاخاوییەکان لە (٩٥٪) پشتیان بە بەرهەمی خۆکرد بەستبوو، دەتوانین بڵێین بۆ پێداویستییەکانی ژیانیان کەم پەنایان بۆ دەرەوەی گوند یاخود شار بردووە، ئەمەش لە ڕووی ئابوورییەوە ئاستێکی بەرز نیشان دەدات. لادێیەکان هەردەم ڕۆژانی زستان و بێکارییان لەلادێدا لەبەرچاو بووە، بۆیە لە کاتی بەرهەمهێنان و زۆری بەرهەمدا مانگەکانی بێبەرهەمی و بێکاری گوند لەبەرچاو گیراوە، هەڵکەوتی ئاووهەوای ناوچەکە و جۆری بەرهەم لە چەند وەرزێکی ساڵدا پاڵی بەدانیشتوانەوە ناوە کە پاشەکەوت لە هەموو جۆرە دەغڵ و دانەویڵەیەکدا بکەن و بۆ زستانی هەڵبگرن، ئەم شێوازەی پاشەکەوتکردن جۆرێکی شارەزایی و هونەری بەرهەم هەڵگرتنی بە گوندییەکان بەخشیوە. دەکرێت وەک نموونە چەند کارێک لەو هونەر و شارەزاییانە باس بکەین. وەک : دۆشاوی توو، دۆشاوی ترێ، سرکەی هەنار، مرەبا (چەند جۆرێک)، لەتکە هەنجیر، لەتکە سێو و هەرمێ و تەماتە، حەلوکەی وشککراو، تووەڕەقە، پۆخین (لە توو دروستدەکرێ)، بامیە و باینجانی وشککراو، پەلکە مێوی وشککراوە، نانە حەلوکە، قەرێ (قەلی) کردن، ژاژی و کەشک و پەنیر کردن. ئەمە سەرەڕای داکردن و هەڵگرتنی گەنم، نیسک، نۆک، ماش، هەرزن، گەنمە شامی، جۆ، گەنمیش دەکرایە ساوەر، کە ساوەریش چەند جۆرێکی لێ دەبۆوە وەک ساوەر، تازیلە، بڕوش، گەنمەکوتاو، کە هەریەک لەمانە بەچەند کردارێکدا ڕەت دەبوو وەک ساوەر کردن، وشککردنەوەی، کوتانی بەجۆنی، لێکردنی لە دەستاڕ، هێرینگ و بێژینگ کردنی.

ئەم جۆرە کارانە کاری ئافرەت بوونە و ئافرەت شارەزایی تێدا هەبووە، پیاو تەنیا هەڵگرتن و گواستنەوە و هێنانەوەی بۆ ماڵێیی لەسەر شان بووە، واتە ئافرەتی لادێ توانیویەتی ئەم جۆرە بەرهەمانە بۆ خۆراکی زستان بەجۆراوجۆر ئامادەبکات و پاشەکەوتیان بکات و لە شوێنی پارێزراو دایان بکات. داکردنیان لە کەندووی لەتەنەکە دروستکراو، لە هەمبانی لە پێستە دروستکراو، لە جیزەی لەخۆڵ و قوڕ دروستکراو، لە هیزە و پێستەی ئامادەکراو و پاککراوە بەڕێگەی دەباغ و جەفتکردن (وەک پێشتر باسمان کرد). دوای ڕاگواستن ئەم شێوازە خۆراک هەڵگرتنە لەناوچوو، لەدوای ئاوەدانکردنەوەی لادێ و دوای ڕاپەرین تاکو ئەمڕۆ هەندێک لەم شێوازی خۆراک وشککردن و هەڵگرتنە لە هەندێک گوند هەر ماوە.



أسماء الألوان / تصميم كوردةواري٦٢٤ / الصفحة: ٧٥ / ٣/٦/٠٨ / 2:40 AM